No:
Date: /5 /2017

ژمارە: ٢١٤٩
بەروار: / / ٢٧١٦ کوردی
: ٢٠/٦/٢٠١٧ زاینی

## ڕێنمایی ژمارە (٤)

## پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانیەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی

بە پێی ئەودەسەڵاتەی کە پێمادراوە و پاڵپشت بە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٠) لە ساڵی( ٢٠١٠) ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم و حەڤدەهەم , وە بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانییەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بە شیوازێکی دروست و یاسایی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە دەردەکات بۆ ڕێگە پێدانیان:

**ماددەی یەکەم / پێناسەکان**

أ- لقی ژوورەبازرگانییەکان : مەبەست لە ژوورە بازرگانییە بیانییەکانە کە لق لە کوردستان دەکەنەوە.

ب- بنکە یان سەنتەری کاری بازرگانی: سەنتەر یان بنکەیەک کەوا بەشێوەی هەندەکی یان هەمەکی کاری بازرگانی کۆمەڵە کۆمپانیایەک ڕێک دەخات و ئاسانکارییان بۆ دەکات.

**ماددەی دووەم/مۆڵەتی کردنەوەی لقی ژووری بازرگانی:**

ئەو لقەی ژووری بازرگانی کە داخوازی ڕێگەپێدان لە چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بۆ ژووری بازرگانی لە وڵاتی دایک لە هەرێمی کوردستان دەکات , پێویستە ئەم ڕێوشوێنانەی لای خوارەوە بگرێتەبەر و ئامادە بکرێت:

١) نیزامی ناوخۆیی :

أ- ئامانجی کردنەوە ی لق لە هەرێمی کوردستان .

ب- چالاکییەکانی لقی سەرەکی بۆ ماوەی سێ ساڵی پێشوو.

ج- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی.

No:
Date: /5 /2017

ژمارە:
بەروار: / / ٢٧١٦ کوردی
: / ٥ /٢٠١٧ زاینی

٢) (تحويل) بوونی لە ژووری بازرگانی وڵاتی دایک بۆ وەرگرتنی مۆڵەت هەبێت .

٣) پشتڕاستکردنەوەی داواکاری لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵیۆزخانە ی ئەو وڵاتە.

٤) پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کردنەوەی لق بە دیوانی وەزارەت.

٥) کۆپی پاسپۆرت یان ناسنامەی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو و هاوبەشەکانی و ناسنامەی نیشتەجێبوون.

٦) کۆپی گرێبەستی باڵەخانەی ئۆفیس دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی کارکردن پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت.

٧) رسوماتی مۆڵەتپێدان بە بڕی( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەک ملیۆن دینار.

٨) رسوماتی نوێکردنەوە بە بڕی( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار دەبێت.

٩) لە دادنووس بەڵێن بدرێت کەوا:-

أ- چالاکی بازرگانی ناکەن , بەڵکو تەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی دەکەن.

ب- ملکەچی چاودێری و پشکنینی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبن.

١٠) تۆمارکردنی ناوی لق لە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی سێیەم /** بە هیچ شێوازێک مۆڵەتی ئەم لق و بنکە و سەنتەرە بە مۆڵەت ناژمێردرێت بۆ کۆمپانیا و ئەندامەکانیان ,بەڵکو هەرکۆمپانیایەک بە پێی یاسای کارپێکراوی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان مۆڵەت وەردەگرێت.

No:
Date: /5 /2017

ژمارە:
بەروار: / / ٢٧١٦ کوردی
: / ٥ /٢٠١٧ زاینی

**ماددەی چوارەم /** دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کاتی وەرگرتنی گشت بەڵگەنامەکان هەڵدەستێت بە چاوپێداخشاندنی وە لە ماوەی (١٤ )ڕۆژدا وەڵامی لایەنەکە دەداتەوە وە لە کاتی ڕەزامەندی پێدانی مۆڵەت وەزارەت فەرمانی وەزاری دەردەکات وە گشتاندنی فەرمانەکە دەکات بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

**ماددەی پێنجەم/** لە کاتی ڕەزامەندی نەدانی وەزارەت بە مۆڵەت پێدانی بە هۆکاری تەکنیکی بێت یان نەگونجانی کار و چالاکییەکانی لەگەڵ یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت , دەبێت ئاگادار بکرێتەوە , بنکەکە یان ژوورەکە دەتوانێت داواکارییەکە دووبارە ڕاستەوخۆ پێشکەش بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بکات بە مەبەستی بڕیاردانی کۆتایی.

**ماددەی شەشەم/** بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت هەڵدەستێت بە کارکردن لەو بوارەدا و بەدواداچوون و ڕاپەڕاندنی گشت پرۆسەکانی وەرگرتن و ئامادەکارییەکانی دەکات.

**د.علی سندی**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**
**بە وەکالەت**